# چەند دیمەنێک لەکوردستاندا

## دیمەنی شەشەم

## (ئێمەو حزبەکەمانی بەخوێری دادەنا، کەچی ئێستا خاوەن هەشت خانەنشینە)




چوارشەممە 10.8.2005

دەرسیم دیبەگەیی

Darsim88@hotmail.com


کەسانێکی زۆر هەن لەکاتی تەنگانەدا "دەست بەکڵاوی خۆیان دەگرن بانەیبات"، بەڵام هەر ئەو جۆرە کەسانە زۆر زیرەکو بەتوانان بۆ خۆبردنە پێشو بەدەست هێنانی پاروی چەورو دەست کەوتی باش لەکاتی سەرکەوتنو بەرگرتنی داری ئازادیدا.

بەپێچەوانەی ئەوانیش کەسانێکی زۆرتریش هەبوون هیچ کاتێک خاوەنی کڵاوی خۆیان نەبوونە، چونکە هەر ڕۆژەی کڵاوەکانیان دەکەوتنە بەر شەقو زللەی ئەمن، ئیستیخبارات، ڕەفیق حزبیو سوپای نامیلیو با دەیبرد، کەچی بێبەش کراون لەهەموو جۆرە پاداشتو دەستکەوتێک!!

هەر لەدوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەساڵی 1976دا، تێکۆشەرانو لاوانی شارۆچکەی دیبەگە–ش وەکو لاوانی هەموو شارو شارۆچکەو لادێیەکی ئەو کوردستانە هاتنە گۆڕەپانی خەباتی ڕووبەڕوو بوونەوەی بەعسو ڕژێمە شۆڤینیستەکەی بەغدا! زۆربەی لاوو شۆڕشگێڕانی دیبەگە پەیوەنییان بەڕێزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی–یەوە کرد. بەڵام کەسانی بێلایەنو سەر بەلایەنی تریش هەبوون لەکاری ڕێکخستندا کاریان دەکردوو چالاکیان دەنواند.

سەرەتا ئێمە چەند لاوێک بووین بێ ئەوەی سەر بەهیچ ڕێکخستنێک بین دەستمانکرد بەنووسینی سەر دیوارو دڕاندنی لافیتەو پۆستەرو دروشمەکانی حزبی بەعس لەناو بازاڕی شارۆچکەکەماندا. بەڵام زۆرجار پۆلیسە کوردەکانی دیبەگە وەکو فارس قادر حوسێن، تاهیر حاجی سەلیم، نادر قادر حوسێن و فاروق سەید ئەحمەد لەکەمینەکانی دەزگاکانی ئەمنو بەعسی دیبەگە ئاگاداریان دەکردینەوە. ئەو سێ پۆلیسەی یەکەم هەرسێکیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بوون، بەڵام ئەوەی چوارەم نازانم!! هەرچی بۆنەیەکی بەعس هەبوایە ناوشاریان دەڕازاندەوەو دەیان لافیتەو پۆستەریان هەڵدەواسی. ئێمەش بەتایبەتی منو ئیسماعیل بایز شەوانە درەنگ هەموو لافیتەو پۆستەرەکانمان لێدەکردەوەو زۆربەی جاران فڕێماندەدانە ناو ئاودەستی مزگەوتی گەڕەکی بارزان واتە گەڕەکەکەی خۆمان. جارێکیان لەئەنجامی دڕاندنو فڕێدانی کۆمەڵە لافیتەیەک بۆ بەیانییەکەی بورهان خدر عەزیز فەرزی، فاتیح کاکە ئیسماعیل و یوسف حاجی مامەند–یان گرتو بۆماوەی نزیکەی 3–4 هەفتە لەئەمن مانەوە.

ساڵی 1976 بوو، شەوێک لەشەوان دوو گەنجی دیبەگە بۆ ئەوەی لەبەعسی بگەیەنن کەکورد چارەی ئەوانی ناوێت هەڵسان بەبۆیاخ ئەو درووشمانەی بەعسیان لەسەر جەستەی گوێدرێژێک نووسی: (البعث طريقنا... والبكر قائدنا.... بەعس ڕێگامانەو.. بەکر سەرۆکمانە)، (أمة عربية واحدة.... ذات الرسالة الخالدة.. نەتەوەی عەرەبی یەکگرتوو.. خاوەنی پەیامێکی زیندوو) هەروەها (وحدة حرية إشتراكية... یەکێتیی سەربەستی سۆشیالستی). بۆ بەیانی دامودەزگاکانی بەعس شێتو هاربوون، بەتایبەتی چونکە ماوەی چەند کاتژمێرێک گوێدرێژەکە ئەم سەرو ئەو سەری بازاڕی کردبوو هەروەکو ڕاهێنانێکی باشی پێکرابێت بۆ ئەو مەبەستە، بێئەوەی کەس ئاگاداری ئەوان بکاتەوە. دوای ئەوەی یەکێک لەکەسانی سەر بەبەعس گوێدرێژەکەی هاوەڵی دەبینێت، دەچێت هاوار بۆ مونەزەمەی بەعس دەباتو ئەوانیش دەمودەست ئەو گوێدرێژە دەگرنو

لەگەڵ خۆیان دەیبەنو دوای نزیکەی کاتژمێرێک ئەو بەستەزمانە دەکوژنو چاڵێکی بۆ هەڵدەکەنو دەیشارنەوە. ئەو چالاکیە لەلایەن دوو ئەندامی کۆمەڵە ئەنجام درا کەهیچیان نەماونو هەردووکیان ئامۆزای یەکتر بوونو دواتر شەهید بوون بەناوەکانی شەهید (عەلی عەزیز) ناسراو بە (عەلی دیبەگەیی) کە لەساڵی 1977ەوە پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو ی.ن.ک کردو پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو قارەمان بوو، دەشتی هەولێرو شەمامکو قەراجو کەندێناوەو بەرانەتیو خۆشناوەتی شایەدی ئازایەتی ئەو کوردە دڵسۆزەن ، بەڵام بەداخەوە لە 31ی ئابی 1996دا لە هەولێر دەستگیرکراو دواتر بەفەرمانی سەرکردایەتی پارتی لەزیندان دەریان هێناو گوللەبارانیان کرد. کەسی دووەمیشیان شەهید حامید ڕەشید حوسێن بوو کە لەساڵی 1981دا لەشەڕی عێراق-ئێران شەهید بوو.

لەکۆتایی ساڵی 1978دا بوو، شەوێک لەشەوان لەگوندی (مەلاقەرە)دا مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتیی دەکەونە ناو کەمینێکی پۆلیسو ئەمنەکانی دیبەگەو فەرماندەی مەفرەزەکە بەناوی (عەباس) شەهید دەبێت. شەهیدکردنی ئەو پێشمەرگە قارەمانە بەدەستی مفەوەزێکی پۆلیس بوو بەناوی (مفەوەز داود) کە تورکمانێکی کەرکوکی بوو. شەهیدکردنی ئەو پێشمەرگەیە ئازادێکی زۆری خستە دڵو دەروونی هەموو کوردپەروەرانی ناوچەکە بەگشتیو ئێمەی گەنجو تازە پێگەیشتووەکان بەتایبەتی. لەگەڵ (محەمەد جەعفەر) بڕیارماندا هەڕەشە نامەیەک بۆ ئەو مفەوەزە بنووسین، بۆ ئەوەی جارێکیتر کەس زاتی ئەوە نەکات هیچ پێشمەرگەیەک شەهید بکات! محەمەد جەعفەر ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ دروستکردنی مۆرێکی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانو دوای یەک دوو ڕۆژ مۆرێکی دروستکرد لەپەتاتەو لەسەری نووسرابوو (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان - ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە - هەولێر). بۆ شەو منو محەمەد جەعفەر لەماڵی ئەوان دانیشتینو هەڕەشە نامەیەکمان بەمشێوەیە بەدەستخەتی ئەو نووسی:

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

ڕێکخستنەکانی هەولێری کۆمەڵە

بابەت/ شەهیدکردنی پێشمەرگەیەکی قارەمان

بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی پێشمەرگەی ئازاو قارەمان شەهید (ع.س) تان پێڕادەگەیەنین کە لەڕۆژی (......) بەرواری .../.../1978 دا لەگوندی (مەلاقەرە)، بەدەستی تاوانبارو خۆفرۆش (مفەوەز داود) شەهیدکرا. ئێمە لێرەدا بەناوی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی/ کۆمەڵە سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو قارەمانە دادەنوێنینو بەڵێنیش دەدەین کە نەهێڵین خوێنی ئەو پێشمەرگەیە بەفیڕۆ بڕواتو (مفەوەز داود)ی تاوانباریش بەسزای ڕەوای خۆی بگەیەنین.

مۆرو ئیمزا

ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

کۆمەڵە / ../../ 1978

بۆ شەوی دواتر، محەمەد جەعفەر، من و وابزانم ئازاد خدر عومەر ئاغامان لەگەڵ بوو سێدانە لەو هەڕەشە نامەیەمان، دووانیان لەناو بازاڕو ئەوی تریشیان لەدیواری قەبرستانی سەید عوبێد هەڵواسی. بۆ بەیانی

ترسێکی زۆر نیشتە ناو دڵی پیاوەکانی بەعسو دامودەزگاکانی. (مفەوەز داود) هەر ئەو ڕۆژە مادۆنی وەرگرتو ڕۆیشتەوە بۆ کەرکوکو دواتر خۆی گواستەوە بۆ ئەوێو جارێکیتر نەیوێرا ڕوو لەدیبەگە بکاتەوە. ئێمە نەماندەزانی ئەو پێشمەرگەیەی کە شەهید بووە ناوی چیە؟ محەمەد جەعفەر پێشنیاری ئەوەی کرد کە (ع.س) بنووسین لەبری هەر ناوێکی تر، دوای چەند ڕۆژێک توانیم ناوی پێشمەرگە شەهیدەکە وەربگرم کەناوی (عەباس) بوو خەڵکی گوندەکانی سەر بەدیبەگە بوو لەهۆزی (سیان) بوو. دانانی هێمای (ع.س) هەروەکو گوللەی کوێرە بوو بۆ ئێمە کەنیشانی پێکابێت، چونکە ئێمە کەسمان لەسەرەتادا نەمان دەزانی ئەو شەهیدە ناوی چیەو کێیە؟

ساڵی 1979 بوو، شەوێکی درەنگی زستان بوو دەرچووموو 10 تا 15 لافیتەی بەعسیەکانم لێکردەوە کە بۆ بۆنەیەک هەڵیان واسیبوو. هەموو لافیتەکانم ناو گونیەکو بۆ ماڵەوەم هێنان. لەژووری نان کردنەکەی خۆمان لافیتەکانم یەک لەدوای یەک خستنە ژێر ساجەکەو ئاگرم تێبەردان. ئەو شەوە پورێکم لە کەرکوک بەخۆیو مێردەکەیو منداڵەکانی میوانی ئێمە بوون. هێشتا لافیتەکانم بەتەواوی  نەسووتاندبوو، مێردە پورەکەم (جەلیل) بۆ میزکردن هاتە دەرەوەو منو ئاگرەکەی بینیو هات. زۆر تووڕە بوو و قسەی زۆری بۆ کردم کەجارێکیتر شتی وا نەکەم، بەڵام هەر سووربووم لەسەر ئەوەی کە واز لەکاری واناهێنم. هەڕەشەی ئەوەی لێکردم کە باوکمو دایکم ئاگادار دەکاتەوە، زۆر داوام لێکرد کە ئەوان بەو شەوە بەئاگا نەهێنێت، بەڵام بێسوود بوو. کاتژمێر لەنێوانی 2–3ی شەو بوو باوکمو دایکمی هێنایە سەرم. بەدەم لافیتە سووتاندن وەڵامی باوکمو دایکمو ئەویشم دەدایەوە. جەلیل هەڕەشەی ئەوەی لێکردم کەبەیانی ئاگاداری دائیرەی ئەمن دەکاتەوەو بەگرتنم دەدات، چونکە ئەو نائب زابتی گاردی کۆماری (حەرەس جمهوری)یەو ناکرێت چاوپۆشی لەو کارانەی دژی حکومەتەکەی خۆی بکات!! منیش زۆر تووڕە بوومو بێمنەتی خۆم نیشانداو هەڕەشەی ئەوەم لێکرد هەر بەم شەوە دەڕۆم بۆ قەرەچوغو پێشمەرگەش وا لە (دارەخورما)ن و ڕۆژێکیش دادێت لەناو کەرکوک دەیفڕێنینو تۆڵەی لێدەکەینەوە. دوای هەڕەشەکانی من مێردە پورەکەم نەرمی کێشاو تا لافیتەکانم سووتاند، ئەو لەگەڵ باوکمو دایکم بەدیارمەوە وەستان. دوای تەواو بوون هەموومان چوینەوە ژوورەوەو باوکمو دایکم زۆر دەترسان بەتایبەتی باوکم. هەرسێکیان زۆر ئامۆژگارییان کردم، بەڵام من هەروەکو کورد گووتەنی (قسەکانی ئەوان لەو گوێچکەیەم دەهاتنە ژوورەوەو لەوەیتر دەست بەجێ دەچوونە دەرەوە). ناوە ناوەش هەڕەشەی ئەوەم دەکرد ئەگەر زۆر بێزارم بکەن، هەر بەیانی دەڕۆمو دەبمە پێشمەرگەو بچمە هەر شوێنێکیش ناوی خۆم دەدەم. تاناچار بوون بە پاڕانەوە داوایان لێم دەکرد کە بەقسەیان بکەم.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی نێوان عێراقو ئێران هەم هێزی پێشمەرگەو هەم ڕێکخستنەکان گەشەیان کردو لەجاران فراوانتر بوون. چالاکیەکانی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانیش چڕترو زۆرتر بوونو ئاسانتر لەجاران بڵاوکراوەو پۆستەرو ئۆرگانەکانی حزبمان دەگەیشتنە دەستمان. بەتایەتی ساڵانی 1982، 1981 و 1983 چالاکی زۆرمان دەنواند لەناو شارۆچکەی دیبەگە. لەچالاکی پۆلەکەماندا، زۆربەی هەرە زۆری جاران پۆستەرو هەڵواسراوەکانم بەدەستی خۆم هەڵدەواسیو بەیانیان زوو دەڕۆیشتم بۆ هەولێرو جاری وا هەبوو شەویش نەدەهاتمەوە. جارێکیان لەیادمە دوای هەڵواسینی بڵاکراوەو پۆستەرێکی زۆری شەهیدان، ئەمنەکانی دیبەگە بەبەر چاوی خەڵکەکە زۆریان لە مەلا یونس (یونس عەبدوڵلا ئەحمەد) دابوو. هەموو جارێکیش کە چالاکی وامان ئەنجام دەدا کەسێک هەبوو بەناوی (ک.ا.پ) کە بگۆڕەکی (محاویلە) کارەبا لەتەک ماڵەکەیان هەبوو و ماڵەکەیان لە نزیک مزگەوتی گەورە بوو، یەک دوو پۆستەرمان لەبگۆڕەکە هەڵدەواسی ئەو زراوی دەچوو و دەیگوت: (ئەو کارانە کاری خوێڕیو خارانە، تەنیا مندارو تارەکان ئەو ئیشە قۆڕانە دەکەن، ئەگەر حزبەکانیشیان پێیان برێن بەو کارە قۆڕانە هەستن، ئەوە حزبەکانیشیان لەخۆیان خۆڕی ترن). ساڵ هاتو

ساڵ ڕابوورد، شۆڕش پەرەی سەندو ڕاپەڕین سەرکەوتوو حکومەتی هەرێم دامەزرا. (ک.ا.پ)ی هەڵگری دروشمەکانی (ئاگره سووره... لەخۆم دووره)، (کڵاوی خۆم گرتیه با نەیبات) و (دونیا هەمووی کێر بێت... بستێک لەمن دووربێت)، بەهۆی خزمێکی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)ە خۆیو ژنەکەیو شەش لەمنداڵەکانی مووچەی خانەنشینییان بۆ بڕاوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش خێزانەکەی کە هەر لە منداڵییەوە لەکاتی یاریکردن لەگەڵ خوشکێکی خۆیدا چیلکە دارێک چۆتە چاویو ئەو چاوەی کوێر بووە، ئێستا ئەو ئەندامەی م.س یەکێتیی خەریکە مووچەی (کەم ئەندام)یشی بۆ دەردەکات. ئێستاش (ک.ا.پ) ی تێکۆشەر زۆر بێشەرمانە بەری ڕەنجی ئێمەی خوێڕیو نانی حزبە خوێڕییەکەمان دەخوات بێ ئەوەی یەک دڵۆپە خوێن لەلووتی خۆیو ماڵو منداڵی ڕژابێت.

ساڵی 1982 بوو، گوندی (جانه) کە گوندێکی بچکۆڵانەی سەر بەشارۆچکەی دیبەگەیەو دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتیەوە وەکو زۆر لە گوندەکانی تری ناوچەکە خەڵکەکەی چەکدار کرابوون بەچەکی سوپای نامیللی. مەلا عەزیز کە مەلای ئەو دێیە بوو بەخۆیو کوڕەکەی چەکیان وەرگرتبوو. شەوێکیان مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی عێراقی دەچێتە دێیەکەو مەلایان دەست ناکەوێت کوڕەکەی مەلا کە تەمەنی 15–16 ساڵان دەبێت لەگەڵ خۆیان دەبەن. دوای چەند شەوێک، کوڕی مەلا لەدەست شیوعیەکان یان باشترە بڵێم لەدەست خاڵی گەورەم کە پێشمەرگەی حزب بوو، ڕادەکات. خاڵم دواتر لەسەر ئەو مەسەلەیە سزا دراو بۆ ماوەیەک هەڵپەسێردراو ئەویش لەڕقان خۆی ڕادەستی ڕژێم کردەوە. خاڵم دەیگوت: (لەبەر ئەوەی بەڕاستم نەزانی ئەو مێرد منداڵە لەبری باوکی بگیرێت، بۆیە لەکاتی ئێشکگرتنی خۆم و بەدزییەوە کوڕەم بەردا)، حزبیش دەیگوت (لەئەنجامی کەمتەرخەمی کاکی ئێشکگرو نووستنیدا، کوڕە مەلا دەرفەتی وەرگرتووەو ڕایکردووە). دوای ڕاکردنی ئەو مێرد منداڵە، مەلا عەزیز ماڵەکەی گواستەوە بۆ شارۆچکەی دیبەگەو بووە دراوسێی مونەزەمە. ئێمە چەند کەسێک نازناوی (تەباەرکی)مان خستە دوای مەلا عەزیزو بوو بە مەلا (عەزیزی تەبارەکی). مەلای تەبارەکی زۆرجار بەخۆیو کلاشینکۆفەکەی دەچووە مونەزەمەی بەعس یان سەردانی ماڵانی دەکرد. هەموو خەڵکی شارۆچکەکەمان ڕقیان لەو مەلایە بوو. ڕۆژێکیان یەکێک لە ئەندامانی پۆلەکەی ئێمە بەناوی (ا.ب) و دوای دەستنیشان کردنی پێڵاوەکانی مەلا عەزیزی تەبارەکیو لەکاتی نوێژی نیوەڕۆ یان عەسر بوو، پێڵاوەکانی بردوو و فڕێیدابوونە ناو ئاودەستەکانی مزگەوتەکە. ئەو کارە بووە هۆی مایەی گاڵتە پێکردنو قەشمەریکردن بەو مەلایەو دەنگ دانەوەی کارەکە لەهەموو کەندێناوەو ناوچەکەش.

کۆتایـــــــــــــــــــــــــــــی